**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٧**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٦/١١/٦**

**«بڕیار»**

بەپێی حوکمەکانی بڕگەکانی «١و ٥»ی ماددەی پەنجاو شەشەمی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران لەسەری، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٦/١١/٦دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرکرد.

## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تا کۆتایی ١٩٩٦/١٢/٣١ یاسای ژمارە «٤»ی ساڵی ١٩٩٦

**ماددەی یەکەم:**

١- ئەم خەرجیە بەردەوامانە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەت و کارگێڕییەکانی هەرێم بۆ ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١ تەرخان دەکرێن. کە بەریتین لەم برە پارانەی خوارەوە. «٣٥٧ر٤١٦ر٠٠٠» سێ سەدو پەنجاو حەوت ملیۆن و چوارسەدو شازدە هەزار دینار، لەگەڵ «١٦٠» سەدو شەست هەزار دۆلاری ئەمریکی.

٢- ئەم پارانەی خوارەوە بۆ بودجەی ئەو فەرمانگەو کۆمپانیانەی لەلایەنی داراییەوە خۆیان بەڕێوەدەبەن تەرخان دەکرێن کە سەرجەمەکەیان دەگاتە: «٦٤ر٦٥٢ر٢٥٠» شەست و چوار ملیۆن و شەش سەدو پەنجاو دوو هەزارو دووسەدو پەنجا دینار.

٣- بودجەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی لەدوای تەواو بوونی پێکهاتەکانی و لەپاش پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە پێوە دەلکێنرێ.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ماوەیەی کە لە ماددەی یەکەمدا هاتووە بە «٢٢٥ر٠٠٠ر٠٠٠» دووسەدو بیست و پێنج ملیۆن دینار دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو داهاتە داراییەی کە دێتە دەستی پارەی ژمێریاری وەزارەتەکان و هەموو کارگێڕییەکان دابین دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەندا بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری دەستەڵاتی گوێزانەوەی لەنێوان تەرخان کراوی یەک دەروازەدا پێ دەدرێ، جگە لە فەسڵی مووچە، کە دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە، بەڵام ناشێ لێی بگوێزرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی دەروازەکانی بودجەدا بکات، بەمەبەستی پاشەکەوت کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو کارگێڕییانەی کەبڕیاری لێکردنەوەیان لەوەزارەتێک و لکاندنیان بە وەزارەتێکی دیکەوە دەدرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

دەستەڵات بەوەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ کە لە تەرخان کراوی گشتی پەسەندکراوی ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١ بەڕێژەی «١٪» لەکۆی گشتی ئەو تەرخان کراوە بخاتە سەر کۆی گشتی تەرخان کراوی پەسەندکراو لە بودجەکە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١- تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ بودجەی کارگێڕییە تازە دروست کراوەکان لەماوەی نێوان ١٩٩٦/٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١.

٢- تەرخان کراوی نوێ بخرێتە سەر بودجەی وەزارەت و کارگێڕییەکان بۆ ئەو بارە کتو پڕیانەی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدەن.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری یەکەکانی (مفردات) میلاکی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١ ئامادە دەکات بۆ پەسەندکردنیان لەبەر ڕووناکی ئەو پارانەی کە بۆ مووچەکان لەبودجەدا تەرخان کراون.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنوێنی پێویست بۆ دانانی ڕادەی دەستەڵاتی خەرج کردن بۆ کارگێڕییە حکومەتییەکان دەربکات لەماوەیەکدا کە لە دوو هەفتە لەڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە ڕەت نەکات.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنوێنی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاو دەکرێتەوەو لەڕۆژی (١٩٩٦/٩/١)ەوە جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**